KURDISTAN NET

کوردستان نێت

ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

25-8-2007 21:51 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نامەی هاودەنگی بۆ کۆمیتەی هۆڵەندای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لەلا یەن کۆمیتەی سویدی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانەوە**

بۆ/ بەڕێز

سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی

سلاو

بەداخێکی زۆرەوە لە ڕۆژی 24/8/2007 سەرگوزەشتەی گەڕانەوەی پێشمەرگەی دێرین بەڕێز نوری حاجی عەلی مان پێ گەییشت کە لەکاتی گەڕانەوەی دا بۆ کوردوستانی خۆشەویست و شاد بونەوەی بە خاک و وولات و کەس و کارو هەڤالانی، بەلام هەر لە سنوری ئیبراهیم خەلیلەوە لەلایەن چەند کارمەندێکەوە بەو شێوە نا شارستانێتی یە مامەلەی لە گەڵ ئەکەن وەک (هەڤالانی کۆمیتەی هۆڵەندا بۆ یان بەیان کردوون) و پاداشتی سالانی خەباتی شاخی بەو جۆرە ئەدەنەوە!

ئێمە وەک کۆمیتەی سوید ی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ هەڤالانی کۆمیتەی هۆڵەندای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان و ناوەرۆکی هەمان نامەی ئە و بەڕێزانە بۆ جاری دووهەم ئاڕاستەی بە ڕێزتانی ئە کەین بۆ بەدواچوون و لێ پرسینەوەی. هەرسەرکەوتووبن

کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان- سوید

. کۆمیتەی سوید 25/8/2007 یەتۆبۆری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.